## خوێندكارانی دەرچوی ئامادەیی لەسویدا لەژێردروشمی :

## ئێمه هەژدەسالین......!؟

## بوونی خۆیان دەسەلمێنن



کامەران ئیسحاق پەری
**سوید**

دەستپێک و ناوەڕاستی مانگی{ یونی 6} ی هەمووسالێک لەگشت شارەکانی سوید وتەنهاوتەنها لەو هاوینه وەرزەدا شەقامەکانی بە کاژاوەی ئۆتۆمبێله ڕازێندراوەکانی خوێندکارانی دەرچوی ئامادەی لەژێردروشمی ئێمه هەژدە سالین،پڕ دەبێت لەوڕۆژانەدا تێدەگەین کە نەوەیەکی نوێ بۆ کۆمەڵگای سوید دێتەکایەوە،بەستنەوەی تەمەن لەگەڵ زەمەن سیمایەکی شارستانی کۆمەڵگایەکە کە دەیەوێت ڕێز لە تەمەن و بوونی مرۆڤ بگرێت ،،،، بەپێی ڕوانگەی ( بونیادنانی کۆمەلایەتی ) کۆمەڵگای سویدی بوون بەهەژدە ساڵ مانایەکی پڕ بەخشە تا ئەو ئاستەی کە لەتەواوی سوید وەک سادە نمونەیەک بڵێن هۆڕن لێدان قەرەباڵغی دروستکردن لەتەواوی ڕۆژانی تر قەدەغەیە تەنها لەو ئۆتۆمبیلانەوە نەبێت کە ڕازێنراون و مارشی دەرچوونی خۆێندکاری یان لیَدیارە ،لەوێوە تێدەگەیت کەئەمرۆ خوێندکارەکانن دەردەچن وقۆناغی هەرزەی جێ دێلن و دەبنە هەژدەساڵ.....

حاشاهەڵنەگرە کە بوون بەهەژدەساڵ قۆناغیکی گرنگە لەژیانی مرۆڤێکی هەرزەکار،بەتایبەت وەک هەمووئەزانین بوون بە هەژدەساڵ کۆمەڵێک مانای بەرز لەلای هەرزەکاران دەنوێنیت ،کۆمەڵێک لەومانایانە تێگەی باوەڕ بە خۆبوون ،تواناوبوون بەئەندامێکی کامڵ لەناوکۆمەڵگادا....لەوڵاتی سوید

داوەک ئارەزووهەنگاوێک بۆ زیاتر نرخاندنی مانای بوون بە هەژدە ساڵ کۆمەڵێک میکانیزم و ئالیەتیان هێناوەتە ناوفەرهەنگی کۆمەڵایەتیان تا لە ڕێگەیەوە بتوانن  جوانتر و قەشەنگتر گرنگی بەو خوێن گەرمی یەی لاوان بەشێوازێکی شارستانی بدەن .... ڕۆژی دەرچوون واتە تەواوکردنی قۆناغی ئامادەیی یەکێکە لەوڕۆژانەی کە گرنگیەکی زۆری پێدەدرێت ....!؟ تا ئەو ئاستەی کەهێندە گرنگە ڕەنگە تاقە بۆنە بێت کە هەموو خێزانێکی خاوەن خوێندکار لەسوید دابەپێی دەرامەتی مادی خۆی شتێک بۆ ئەو ڕۆژە ئامادە بکات .... هەرهیچی پێ نەکرێت وێنەیەک ی مێژووی بۆ ئەو ڕۆژە لەبیر نەکراوە دەگرێت

ئەم ئاهەنگ وخۆشدەربڕینە لەپێناو دەربڕینی هاوئاهەنگی وپشتگیری لەتەواوی ئارەزوەکانی مرۆڤی تازەبوون بەئەندام لەناو  سیستمە کۆمەڵایەتیەکە.




*18 ساڵی چی دەگەێنێت ؟*

بەپێی دەستوری سویدی مرۆڤ تانەگاتە تەمەن هەژدەساڵ هەندێک بابەتی لێ قەدەغەکراوە.وکردنی یاخود ئەنجامدانی ئەو قەدەغە لێکراوانە  بەپێی یاسا سزای لەسەر دەدرێت .

لەوانە

~ جگەرفرۆشتن بۆخوارتەمەن هەژدەساڵ قەدەغەیە هەرکەسێک بەخوارئەوتەمەنەی بفرۆشێت توشی سزا دەبێت .بۆیە مرۆڤی خوار هەژدەساڵ جگەرکێشانەکەی زەحمەت ترەبەتایبەت لەکاتی کڕینی .

~ خواردنەوی بابەتی سەرخۆش کەر{مەی}قەدەغەیە،فرۆشتنیشی لەلایەن فرۆشگاکانەوەبۆخوارتەمەن 18 ساڵ قەدەغەیە. وسزای لەسەردە درێت .

~ بوون بەخاوەن مۆڵەتنامەی شۆفێری ئۆتۆمبیل لەتەمەنی 18 ساڵەوەیە،هەروەها ( خێزان،گەورەی ماڵ )بەر پرسە لەبەرامبەر هەموو ماف وئەرکێکی پێش تێپەڕاندنی ئەوتەمەنە،،لەوانە دابینکردنی خواردن ،جل وبەرگ ،شوێنی نیشتەجێ ڕۆژانە خەرجی ......هتد

~ کارکردن لەخوار تەمەن شانزەساڵی قەدەغەیە.باجیشی لەسەر نیە بەم پێیەش مافی خاوەنداریەتی موڵکی نیە !؟ لەپاش تەمەن هەژدە ساڵ کارکردن باجدانی    هەیە بۆ دەوڵەت.لەهەمان کاتدامافی هەیە لەبوون بە خاوەنداریەتی کەسی "الملکیە الخاصە"بەپێی داهاتی تاکەکەس و ڕێژەی باجدانی .

هەموو ئەمانە و زۆرێکی تریش وایان کردوە چەمکی هەژدەساڵی لەخۆرئاوا شکۆدارو پیرۆزبکرێت ...باشترین ئالیەتیش کەدەتوانرێت لەڕێگەیەوەئەومانایە بگەێنێت ڕۆژی تەواوکردن وجێهێشتنی سەرکەوتوانەی  خوێندنی ئامادەی یە

هەر بۆیەکا لەو ڕۆژەدا کۆمەڵێک چالاکی دەکرێت تیایدا ئاماژە بەوە دەدرێت کەئێمە بوین (بەهەژدەساڵ ئێمەش بۆمان هەیە لەمرۆبەدواوە قەدەغەکانی دوێنی ....ببنەمافەکانی ئەمڕۆو داهاتومان)  کیژان بەجلکی سپی  و کوڕان بەقاتی ڕەش و گشتیشیان بە کڵاوێک کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاڵای سوید لەسەر نەخشێنراوە ....گوڵ ،کارتی پیرۆزبایی،دیاری ،یاری منداڵان ،ویەکەم وێنەی منداڵی ومەدالیاکنی تەمەنی گەوجەی وکاڵ فامی وئۆتۆمبێلی مۆدیل کۆن ،ئاهەنگ ،وەستان لەبەردەم خوێندنگاکان بۆ پێشوازی لەپۆلێ

خوێندکاری دەرچوو ،گەڕان بەشەقام وشوێنەگشتیەکان بەهوتاف ومیوزیکی بەرز،وێنەی دەرچون لە ستۆدیۆکان ، شامپانیاو، مەستبوون بەمەی وقیژەوهاواری بەرزو زۆرێکی تر لەسیماکانی ژیانی ڕۆژێکی لەبیر نەچوی خوێندکاری بوو بە هەژدە ساڵە. خۆیان وەتەنی تەنها یەک جار لەژیاندا ئەو ڕۆژە دێتەئاراوە .مرۆڤ تەنهایەکجار لەدایک دەبێت وتەنهایەک جاریش دەبێتە هەژدەساڵ
دیارە من وتۆیەک کەلەخاپورەوڵاتێکی وەک کوردستان هاتوین کەبووین بەهەژدەساڵ شتی وامان نەدەزانی و هەرگیز لەوجۆرە گرنگی پێدانەمان بەخۆنەدیوە دڵنیام گەرشتی وامان بزانیایە ئایندەی خوێندنمان باشتر دەبوو ... تۆدەڵێت چی!؟
ئەم هەموو گرنگی دانە بەڕای تۆ بۆچی  لەڕۆژی دەرچونی خوێندکار ....!؟
پرسیارێکە لەوێوە دەتوانین هەندێک لەبیرکردنەوەکانی دواڕۆژی کۆمەڵگایەکی ئەوروپی شیبکەینەوە و بۆ ئایندەشمان  گەربمانەوێت دەتوانین سودی لێوەربگرین ! ...بەر لەهەموو شتێک دەمەوێت ئاماژە بەوە بدەم کە ئەم مەراسیمە بابەتێکی فەرهەنگی کۆمەڵگای سویدی نیە،بەڵکو وەرگیراوە لەبیرۆکەی بوون بە قەشە یان بە ڕاهیب لەگشت کۆمەڵگا مەسیحیی کلاسیکیەکان ....ئەم بیرۆکەیە دەگەڕێتەوە بۆئەوسەردەمە کۆنانەی کەعەبای ڕەشیان لەبەر خوێندکاری دەرچوی قوتابخانەکانی لاهوت دەکرد ....وەک هێمایەک بۆجیاکردنەوەی لەخەڵکی ترو پیرۆزەکردنی ئەو ڕۆژە وکەسە....هەربۆیە بەهەمان تەرز لەزۆروڵاتی تری ئەسکەندەنافی وئەوروپایی دەبینین لەوێوە تا ئەمڕۆش لەلای خۆمان ئەو ئاهەنگەدەکرێت جیاوازیەکە لەوەدایە لای ئێمە تەنها خۆێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان  بۆیان هەیە ڕۆژێکیان هەبێت (ڕۆژی دەرچوون) ...و هیچ حیسابێک ناکرێت بۆ ماندو بوونی خوێندکار لەئامادەیدا. کەئەمەش بەڕاستی تێگەی کۆنی کۆمەڵگادواکەوتوەکانی سەردەمی تاریکی وجەهلە.
زۆر گرنگە بایەخدان بەماندوبوونی خوێندکاری ئامادەی بگرە بەپێی هەندێک توێژینەوەی کۆمەڵایەتی سوید ،و وڵاتانی ئەسکەندەنافیا بۆیان دەرکەوەتوە کەئەو هەمووگرنگی دانەبەڕۆژی دەرچونی ئامادەیی ئامانجی خۆی لە گەلێک ڕووە پێکاوە لەوانە ؛کاردانەوەی ئەورۆژە لەدەرونی خوێندکار بۆزیاتر بەردەوامی وهاندانی بۆ تەواو کردنی خوێندن بەپێچەوانەی ئێمە تۆ کەئاهەنگ بۆدەرچوی زانکۆ دەکەیت ....تەنها فۆڕمە وەلێ لەڕووی ناوەڕۆکەوە هێچ مانایەکی هاندان بۆخوێندنی زیاتر تیابەدی ناکرێت . ڕونتر خوێندکاری زانکۆ یاخود پەیمانگا لەوئاستەداکۆتای بەخوێندنی خۆی دەهێنێت ...بەڵام لەبدەرچوی ئامادیدا،بەردەوامیەک هەیە کەدەکرێت بایەخی پێ بدرێت وگرنگی پێ بدرێت پاشان لەوەش گرنگتر بەستنی دوو بۆنە لەیەک کاتدا وگرێدانی بەیەکەوە تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی لەگەڵ بوون بەهەژدەساڵ کارێکی زۆر گرنگە بایەخەکەشی  لەوەدایە کە پێشترباسمان کرد باوەڕ بەخۆیی وبوون و بەئەندامیەتی تاک لەناوکۆمەڵ پتەودەکات.
بۆیە من لێرەوە پێشنیاردەکەم کەمەسەلەی گرنگی دانی زیاتر بەدەرچونی خوێندکارێک ئامادەی زیاتربکرێت لانی کەم بەقەد خوێندکارێکی زانکۆ یاخود پەیمانگای بۆبکرێت ،،،گەربشلێن لاسایی کردنەوەیەخۆ ئاهەنگی دەرچونی زانکۆش کلتورێکی بەجێماوی کلێساکانەو هەمووان بەپێی تایبەت مەندە کۆمەڵایەتی وباوەڕ ،....هتد ئەو ڕۆژە شکۆداردەکەین...بەڕای من کۆنگرەی پەروەردەی کەئەو هەموو پارەیەی بۆسەرفکرا دەبوو کەمێک وورد تر بیروانیایە ڕۆژی دەرچوونی ئامادەی وکەمێک لەحاڵەتی بیرۆکراتیەتی زانکۆ و پەیمانگاکانیشی کەم بکردایە...بۆ وڵاتێکی وەک سوید دەرچوونی خوێندکاران وبوون بەهەژدەساڵ بەڕۆژێکی گرنگی نەتەوەی دەژمێرێت لەو ڕووەشەوە دەرکەوتنی زۆرترین هێماو نەخشاندن بۆڕەنگی زەردو شین ،ئەوڕاستیەمان بۆدەنەخشێنێت..




دەرچوی ئامدەی ستودێنت لەساڵی 1956 لەسوید دا

## بابەتی پەیوەندیدار:

1 ستمی خوێندن لەسویدابەهەمان بنچینەی خوێندنی کوردستان داڕێژراوە
شەش ساڵی سەرەتایی پاشان سیَ الَی ناوەندی پاشان سێساڵی ئامادەی لەکۆکردنداداوانزەساڵە
کە وشەش ساڵی پێش داغڵ بوون دەکاتە هەژدەساڵ
~2 مرۆڤ یەک جارهەژدەساڵی بەخۆدەبینێت ....بەڵام هەمووکاتێک بۆی هەیەلەزانکۆ بخوێنێت
تائامادەیش تەواونەکەیت ناتوانیت هیچ کارێکی کارامەبکەیت .